## ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری ژمارە 1

داوی كۆبونەوەی جەماوەریەكەی خەڵكی شاری سلێمانی كە 500 كەس بەشداری تێداكردبوو،بەشێكی زۆر لە كەناڵەكانی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆی شاری سلێمانی و ڕۆژنامەكان هەواڵ و ڕاپۆرتی كۆبونەوەكەیان بڵاوكردەوە و چاوپیكەوتنیان لەگەڵ نوێنەرانی دەستەی داكۆكی لە داخوازییەكانی خەڵكی شاری سلێمانی بڵاوكردەوە.

وە سەعات 10 بەیانی ڕۆژی یەكشەممە 18/09/ 2005 دەستەی داكۆكی لە داخوازییەكانی خەڵكی شاری سلێمانی كۆبونەوەی خۆی بەست بۆ باسكردن لەسەر ئاكامەكانی كۆبونەوەی جەماوەری پاركی ئازادی . بریاری كۆبونەوەكەبریتی بوو لە سەردانی پارێزگای سلێمانی بۆخستەڕووی یاداشتەكە و داواكردن بۆ جێبەجێكردنی لەلایەن پاریزگارەوە.

هەروەها كۆبونەوەكە لەسەر كار و باری ئیعلام و فراوانكردنەوەی دەستەكە و كۆبونەوەی فراوانی دەستەكە چەند بڕیاری تری دا.

هەورەها سەعات 1 نیوەڕۆ وەفدێكی دەستەی داكۆكی سەردانی پاریزگاریی سلێمانیان كردوو و چاویان كەوت بە جێگری پارێزگاری سلێمانی (جوتیار ) .دوای پیشكەشكردنی یاداشتنامەكەی كۆبونەوەی جەماوەری پاركی ئازادی ، قسەوباس كرا لەسەری. جێگری پارێزگار ڕای گەیاند كە پشتیوانی لەو داواكاریانە دەكات و نەخشەیەكی عەمەلی بۆ جێبەجێكردنی ئەو داواكاریانە ڕۆژی 4شەممە پێشكەش دەكەن لە كۆبونەوەیەكی هاوبەش لەگەڵ دەستەی داكۆكیكردن لە داخوازیەكانی خەڵكی شاری سلێمانی بەبەشداری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی. هەروەها میكانیزمی هاوبەشی پاریزگاریی سلێمانی و دەستەی داكۆكیكردن باس دەكەن بۆ جێبەجێكردنی ئەو نەخشەیە و ئەنجامی ئەم كۆبونەوانە بەڕەسمی و بە شێوەی هاوبەش ڕادەگەیەنن.

**دەستەی داكۆكی لە داخوازییەكانی خەڵكی شاری سلێمانی**

2005/09/18

---